# چەند نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

**نامەی یەکەم:**

**هەولێر**

**٩٦٢/٩/١٢ (١)**

**برای زۆر بەنرخ و بەڕێز کاکە تاهیر**

**هەموو کاتێکت باش.**

هیواداری خۆشی و بەرزی ژیانتانین بە کامەرانی، ئێمەش هەموو لایەک زۆر باشین، داوای سەرکەوتنتان ئەکەین.

برا لە گەڕانەوەم بۆ هەولێر عەریزەکەتانم بردە مەعاریف، هەروەها لەگەڵ مودیری مەعاریف (١) و سەیید مووسا (٢) باسمان کرد، دوای لێکۆڵینەوە قەناعەتیان پێ هێنام کەوا ئێوە بەگوێرەی ئەم تەعلیماتانەی لایانە غوبن ناتان گرتەوە. مومکینە ڕەخنە بگرن و بلێن مەسئەلەی کاک مەجیدیش (٣) هەروەک ئێمەیە، چۆن بۆیان نووسیین. برا قەزییەی کاک مەجید جوایزە، ئەم زاتە بە ٥ دینار تەعین کراوە، لەم کاتە کەوا خەریجی ٣ سێی متەوەستە ئەبایە بە ٦ دینار تەعین بکرێ، جا غوبنەکەی لەم نوقتەیە.

من بۆ ئەوەی کەوا بە تەواوی لاتان ڕوون بێتەوە تەکلیفم لە سەیید مووسا کرد کەوا نامەیەکت بۆ بنێری و ئەم مەسئەلەیە بەدووروودرێژی باس بکا. ئەوەش بزانە کەوا هەموو لایەک ئایا مودیری مەعاریف، (و) یان سەیید مووسا هەموو لایەک زۆر دڵخۆش ئەبن کەوا ئێوە مەغدوور نەبن، بەڵام چەند جار موعامەلەی ئەوهایان ناردووە گەڕایەتەوە و(ە) تەنبیە کراون کەوا بە چاکی ماددەکانی تەوزیحی حاڵاتی غوبن ئەکا بخوێنیتەوە، (وە) ئەم موعامەلەی کەوا نایگرێتەوە بۆیان نەنێرن.

برا تکایە بە کاک تاهیر سەعید (٤) بلێ قسەکەیم بە مودیر مەعاریف گەیاند، ئەویش باسی قوتابخانەی باواجی ئەکرد، وای وت ئەو نزیکە و دوایی موفەتیشێک ئەنێرم بەم زوانە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم گرفتانە.

ئیتر دووبارە هەواڵت دەپرسم، زۆر سەلامم بۆ خزم و ڕەفیقان، بەتایبەتی کاک حەمەد (٥) و فەتحوڵڵا ئەفەندی (٦) و جەلالەددین (٧).

**برای دڵسۆزتان**

**ئیمزا**

**سدیق عەبدولقادر**

**١- نەمانزانی لەو سەردەمەدا کێ مودیری مەعاریفی هەولێر بووە.**

**٢- سەید مووسا: مەبەستی لە م. مووسا سەمەدە**

کە لە ژمارەکانی پێشوودا لەبارەیەوە نووسیومانە.

٣- مەجید: مەبەست لێی (مەجید سابیر ساڵح)ـە کە لە ساڵی ١٩٣١ لە کۆیە لە دایک بووە، مامۆستای خوێندنی سەرەتایی بووە، پەروەردەکارێکی سەنگین و هەڵکەوتووی بواری پەروەردە بووە، لە خێزانێکی ناودار پەروەردە کراوە، هەر لە شاری کۆیە، لە ١٩٩٧/٦/٣ کۆچی دوایی کردووە.

٤- تاهیر سەعید، (٥) کاک حەمەد، (٦) فەتحوڵڵا ئەفەندی: هیچ زانیارییەکمان لە بارەیانەوە بە دەست نەکەوت.


(٧) جەلالەددین (جەلالەددین ئەحمەد سادق حەوێزی): لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

**نامەی دووەم:**

**قلعة سكر**

**٤/ ٢/ ١٩٦٦**

بۆ برای بەڕێزم کاک تاهیر، هەموو کاتێکتان



باش

لە کانگای دڵمانەوە گەرمترین سڵاوتان پێشکەش دەکەین.

کە فەڕاشی قوتابخانەکەمان نامەکەتی دامێ و(ە) چاوم بە قەندیلی مەسائی کەوت، بەڕاستی وەک گوڵ گەشامەوە، چونکی زانیم قسە خۆشەکانی تۆی تێدایە، جا ئەوی نووسیبووت لێی حاڵی بووم، کە چوومەوە بۆ ماڵەوەشم خوندەوە، خوا حەقە ئەوانیش هەروەک من پێخۆشحاڵ بوون کە زانییان ئێوە هەمووتان باشن و(ە) بەڕۆژی بووین، بەڕاستی زۆر دڵتەنگ بووم کە خوندمەوە، مردنی مەربێن(١) برای ئیسحاق(٢). لەلایەن هەوا و باران ئێرەش پاش جەژن تاکوو ئەم ڕۆژە کە ٢/٤ی مانگە، ٢- ٣ باران بارییە، دەنا پێشان زۆر ئیشکەتی بوو.

برام ئەگەرچی وا بووە نیزیکەی ١٠ ڕۆژ(ە) جەژنمان بەڕێ کردووە، بەڵام هەر پیرۆزبای(ی) جەژنەتان لێ دەکەین، جەژنی هەمووتان ئینشائەڵڵا پیرۆز بووە و بەخۆشی ڕاتان بواردووە.


ئێکە خۆم و فاتم(٣) زۆر سەلام لە ماڵی خاڵت(٤) و مستەفا(٥) و چاوی منداڵەکانیان ماچ دەکەین و(ە) ڕێزگرت(ن)مان بۆ ماڵەوەتان و بۆ تۆ و(ە) چاوی منداڵەکان ماچ دەکەین، منداڵەکانمان زۆر غەریبی منداڵەکانتان دەکەن و(ە) دەستی ئێوە ماچ دەکەن و (ە) هەواڵی منداڵەکانتان دەپرسن. ئەگەر چاوت بە برادەران کەوت جەلالەددین(٦) و عەبدولخالق عەلی(٧) و کاک جەودەت(٨) و جەبار ئەفەندی(٩) و ئیسحاق گورگیس و عەبدوڵڵا کاکە(١٠) و مەجید سابیر(١١) و(ە) هەموو برادەران زۆر سەلامیان لێ دەکەم، مامۆستا جەلال حەوێز(١٢) و حەمەسوورت(١٣) لەبیر نەچێ،

تاکوو ئـەم نامە (یـ)ت پـێ دەگا لەوانەیـە بچـم بـۆ ناحیـە و(ە) سەلامەکەشـت بەجێـی خـۆی دەگەیـنـم ئینشـائەڵڵا، واتـە لای کاک بایـز(١٤)، ئیتـر نازانـم چـە بنووسـم، وا چاکـە لێرە بەجێت بهێڵـم و(ە) هـەر بـژی بـۆ بـرات.

**ئیمزا**
**دڵسۆزتان بیلال بەهائەددین**
**قوتابخانەی ئیبن خەلدوون**

(١) مەرپێـن: (مەرپێـن گورگیـس)، لـە ژمارەکانـی ڕابـوردووا لـە بارەیـەوە نووسـراوە.

(٢) ئیسـحاق: نـاوی تـەواوی (ئیسـحاق گورگیس)ـە، پیاوێکی بەڕێز و خۆشەویست بووە، لەبەرەی چەپدا کاری کردووە. ساڵی ١٩٣٤ لە شاری کۆیە لە دایک بـووە، لـە خێزانێکـی کریسـتیانی گـەورە و نـاوداری کۆیەیە، خانـەی مامۆسـتایانی سەرەتایی لە بەعقووبە تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٠٦ خانەنشـین بـووە، لـە ژیانـدا مـاوە و لـە کۆیـە، لـە گەڕەکـی جەمعیـە



دادەنیشـێ.

(٣) فاتم: هاوژینی مامۆستا (بیلال بەهائەدین)ـە.

(٤) خاڵـت: مەبەسـت لێـی (حەمەسـدیق عەبدوڵـڵا بەگیخانی)یە کە لـە ژمارەکانی پێشوودا لـە بارەیەوە نووسراوە.

(٥) مسـتەفا: مەبەسـت لێـی مسـتەفا ئەحمـەدە کـە لـە ژمارەکانـی پێشـوودا لـە بارەیـەوە نووسـراوە.

(٦) جەلالەددیـن: مەبەسـتی بـرای (م. تاهیـر ئەحمـەد حەوێزی)یـە کـە لـە ژمارەکانـی ڕابـوردوودا لەبارەیـەوە نووسـراوە.

(٧) عەبدولخالـق عەلـی: سـاڵی ١٩٣٧ لـە شـاری کۆیـە لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندی و دواناوەنـدی هـەر لـەو شـارەدا تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ بەشـی زمانـی ئینگلیـزی لـە زانکـۆی بەغـدا/ کۆلێـژی پـەروەردە تـەواو دەکات، ماوەیـەک لـە کۆیـە دامـەزراوە، دوایـی بـۆ مـاوەی دوو سـێ سـاڵ لـە وڵاتـی سـعودیە مامۆسـتایەتی دەکات، لـە سـاڵی (٢٠٠٠)ـەوە خانەنشـین بـووە، ئێسـتا لـە شـاری کۆیـە دەژی.

(٨) کاک جـەودەت: مەبەسـت لێـی جـەودەت مـەلا محەمـەدە، مامۆسـتایەکی بەناوودەنگـی شـاری کۆیـە بـووە، ئێسـتا لـە وڵاتـی سـوێد دەژی، ئامـۆزای (م. ئازاد بیلال بەهائەددین)ـە.

(٩) جەبارەفەنـدی، (١٠) عەبدوڵـڵا کاکـە، (١١) مەجید سـابیر، (١٢) جـەلال حەوێز، (١٣) حەمەسـوور: لـە ژمارەکانـی ڕابـوردوودا لەبارەیانـەوە نووسـراوە.

(١٤) کاک بایـز: نەمانزانـی کێیـە و هیچمـان لـە بارەیـەوە نەزانـی.

**نامەی سێیەم:**

**زۆر بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد سادق حەوێزی**

سـڵاوێکی گـەرم پێشکەشـتان دەکـەم و زۆر لـە

هەواڵـت دەپرسـم

مـەلا محەممەدئەمیـن هەوایـی (١) نامەیـەک (ی) بـە فارسـی بـۆ باوکـت نووسـیوە، وا بزانـم کاتـی خـۆی بۆتـم نـاردووە. نـاوی شـێخ عەبدوڵـڵا شـێخ ڕەشـید ئەفەنـدی تاڵەبانـی (٢) و (مـەلا حوسـێن) (٣)ی معەلیـم و مـەلا قـادری معەلیـم (٤)، لـە کاتـی جەمیـل ئاغـادا (٥) تێـدا هاتـووە.

تکایە بـۆم بنووسـە ئەو سـێیانە کێن و کەی وەفات بوون، ئیمڕۆ ئەو نامە (یە) کەوتە بەردەستم.

هەر بەختەوەر بن


**دڵسۆزتان**

**ئیمزا**

**عەبدولڕەقیب یووسف**

**سلێمانی ١٩٩٤/١٢/١٢**

هەروەهـا مـەلا محەمەدئەمیـن بـە مێـژووی ١٣٠٨ کۆچـی، قەباڵەیـەک (ی) نووسـیوە بـە فرۆشـتنی دێ (ی) (نازەنیـن) لـەلای شـێخ عەبدوڵـڵا شـێخ ڕەشـید (باوکـی کاکەسـوور تاڵەبانـی) بـە باوکـت بـە چـل تومـان، وابزانـم ئەمـە ڕاسـت نییـە، تەنیـا بـۆ فێربوونـی دروسـت کردنـی قەباڵـە وەهـا (ی) نووسـیوە.


خلیفه سید کمال کێیە کە ملا عبداللە چلی نامەیەکی بۆ نوسیوە ؟

زۆر بەڕێز ماموستا طاهر احمد صادق احمەوێزی
سلاوێکی گەرم پێشکەشتان دەکەم وزور لە هەوالت دەپرسم
ملا محمد امین هەوایی نامەیەکی بە فارسی بو باوکت نوسیوە وابزانم کاتی خوی بوتم ناردوە ناوی شیخ عبداللە شیخ رشید افندی طالبانی و ملا حسین ی معلم وملا قادری معلم لە کاتی جمیل ئاغادا - تیدا هاتوە
تکایە بوم بنوسە ئەو سییانە کین وکەی وەفات بون
ئیمرو ئەو نامە کوتە بەردەستم
هەر بەختەوەر بن
دلسوزتان
عبدالرقیب یوسف
سلیمانی ١٩٩٤/١٢/١٢
هەروەها ملا محمد امین قەبالەیەکی نوسیوە بە میژووی ١٣٠٨ کوچی بە فروشتنی دێ (نازەنین) لەلای شیخ عبداللە شیخ رشید (باوکی کاکەسور طالەبانی) بە باوکت بە چل تومان
وابزانم ئەمە راست نیە تەنیا بو فیر بونی دروست کردنی قەبالە وەها نوسیوە

خەلیفـە سـەیید کەمـال کێیـە کـە مـەلا عەبدوڵـڵا جەلـی نامەیـەک (ی) بـۆ نووسـیوە؟

**(١) مـەلا محەمەدئەمین هەوایـی: هیچ زانیارییەکمان لەبارەیـەوە بەدەسـت نەکـەوت، هیـوادارم ئـەوەی شـتێکی لـە بـارەوە دەزانـێ، ئاگادارمـان بکاتـەوە.**

**(٢) شـێخ عەبدوڵـڵا ڕەشـید تاڵەبانـی (باوکـی کاکەسـوور تاڵەبانـی): یەکێـک لـە شـێخەکانی تاڵەبانی بووە لـە کۆیە، تەنیا یـەک کوڕی بەناوی (عزالله)ـەوە هەبـووە کـە بـە کاکەسـوور ناسـراوە، ئـەم کاکەسـوورە لـە ساڵی ١٩٢٥ لـە کۆیە لـە دایک بـووە، سـاڵی ١٩٥٢ کۆلێـژی مافـی تـەواو کـردووە و لـە سـەرەتای حەفتـاکان خانەنشـین بـووە. منداڵـی نەبـووە، لـە ٢٠٢٤/٣/٣٠ کۆچـی دوایـی کـردووە. شـێخ عەبدوڵـڵا ڕەشـید تاڵەبانـی زیاتـر لـە حەفتـا سـاڵ ژیـاوە، سـاڵی ١٩٣٦ لـە کۆیـە کۆچـی دوایـی کـردووە.**

**(٣) (مـەلا حوسـێن)ی موعەلیـم، (٤) مـەلا قـادری موعەلیـم: زانیاریمـان لـە بارەیانـەوە بـە دەسـت نەکـەوت.**

**(٥) جەمیـل ئاغـا: جەمیـل ئاغـای حەوێـزی (قائیمقـام)، لـە ژمارەکانـی پێشـوودا لـە بارەیـەوە نووسـراوە.**